بانکێکی عێراقی بۆی 10 ملیۆن دینار قەرز دەدات بەهاوڵاتیان

ئەمڕۆ یەکشەممە، بانکی هاوکاری کشتوکاڵی پێدانی قەرزی پشتیوانی بۆ کرێکاران ڕاگەیاند. ڕاگەیاندنی بانکەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند :- لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی "محەمەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران، بۆ ئامانجی پاڵپشتیکردنی کرێکارانی کەرتی تایبەت کە یاسای (بیمەی کۆمەایەتی) دیانگرێتەوە،لەژێر ڕەشنایی بڕیزکردنەوەی ڕێژەی کرێکاران و باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان،بانکەکە بۆ پشتگیر کردن لێیان بڕیاریدا کە قەرز بۆ توێژە بدات. وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- بانکەکە پلانێکی داناوە بۆ پێدانی قەرزی 10 ملیۆن دینار ، بۆ ڕێژەی سوودی 3% بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگە، هەروەها ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزەکە پێنج ساڵە.